## وێنەی دوایین یاریی

"وێنەی دوایین یاریی – ئێران لە ڕێگەی کامێرایەکی ڕووسییەوە ١٩١٤ – ١٩٠١" ناوی کتێبێکە "جۆن چالنکۆ" بە زمانی ئینگلیزی نووسیویە و باسی ژیان و کار و مەئموورییە تەکانی "ئەلیکساندر ئەیاس" یەکەم کۆنسوولی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای قەیسەریی کردوە لە مەهاباد.

ئەیاس بەبەر کار و باری ئیدارییەوە وێنەی فۆتۆگرافی هەڵگرتوە و لە ماوەی مانەوەی لە ناوچەکەدا گەلێک وێنەی شازی لە خەڵک و شوێنەکان تۆمار کردوە کە ئێستا دوای ٩٢ ساڵ ڕووی ڕووناکی دەبینن. کتێبەکە وێنە و زانیاری زۆری لە مەڕ سەرەک هۆزەکانی ناوچە - وەک مەنگوڕ و مامەش و دێبوکری و ... خستۆتە بەر چاو. ئەم وێنانە و هەروەها وێنەی گەلێک خەڵکی ئاسایی و گوند و شارەکانی ناوچە، لەباری مێژوویی و بەڵگەنامەییەوە گرنگ و سەرنج ڕاکێشن و نیشاندەری جل و بەرگ، شێوەی بیناسازی، ئاژەڵداری، ڕاو، کەرەسەی شەڕ، کۆچ و هەوار و بەگشتی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ناوچەی موکریانن.

لە پەیوەندی بۆکاندا، کتێبەکە بابەتی تایبەتی نەگرتۆتە بەرخۆ، جیا لەوەی باسی عەشایر و هەروەها سەردار موکری واتە محەمەد حسێن خانی سەردار دەکات و حکوومەتەکەی لە مەهاباد. وێنەی ژمارە ٣٧ لە لاپەڕەی ١٢٦ی کتێبەکەدا، نیشاندەری ڕوخساری سێ کەسەو لە ژێریدا نووسراوە:

*"پیاوماقووڵانی خۆجێ یی لە ئیدارەی ئێراندا، ساڵی ١٤ – ١٩١٢".*

کەسی یەکەم لە لای چەپەوە بە جل و بەرگی سوپاییەوە، سەردار حەمەحسێن خانە، کە کتێبەکە دەست نیشانی ناوی نەکردوە.

بەداخەوە بە هۆی "مافی کۆپی ڕایتس"ەوە ناکرێت لێرەدا ئەو وێنە مێژووییەی سەردار حەمەحسین خان بڵاو بکەینەوە.بەڵام لە دوو سەرچاوەی جیاوازدا هەوڵی تەرجەمەی بابەتەکانی کتێبی چالنکۆ و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی دراوە:

١. ڕێزدار حەسەنی قازی لە سایتی ڕێنسانس دا تا ئێستا بەشێکی زۆری کتێبەکە ی واتە ئەو شوێنانەی وا لە پەیوەندی کوردستاندا بوون تەرجەمە و بڵاو کردۆتەوە.

بڕوانە بەشی دۆسیەی تایبەت، "وێنەکانی گەمەی دوایی..." لەم سایتەدا:
www.renesans.info

٢. ڕێزدار عەبدولکەریم خەشایار لە ژمارە ٦٩ و ٧٠ ی گۆڤاری مەهابادا وەرگێراوەی کوردی بەشێک لە کتێبەکەی هاوڕێ لەگەڵ چەند وێنەدا بڵاو کردۆتەوە.

بڕوانە : گۆڤاری مەهاباد، چاپی مەهاباد، ژمارە ٦٩ و ٧٠ (دیسەمبری ٢٠٠٦ و جانیوەری ٢٠٠٧).

٣. له ژماره ٦٩ی هه‌مان گۆڤاردا، ڕێزدار عه‌بدوڵڵا سه‌مه‌دی وتارێکی سه‌باره‌ت به "کوژرانی ئه‌لکساندر ئه‌یاس و کوشتاری خه‌ڵکی سابڵاغ به ده‌ستی سپای ڕووس" نووسیوه. بڕوانه هه‌مان شوێن.

John Tchalenko, “Images From the Endgame“, – Persia through a Russian Lens ١٩٠١ – ١٩١٤ Saghi Publications, London ٢٠٠٦, ٢٦٤ pp., English,

ISBN: ٠ – ٨٦٣٥٦ – ٠٧٢ – ٥